ڕاگەیاندنی ژمارە 4

# کەمپینی هاوپشتی لە گەڵ مەریوان هەڵەبجەیی.سویسرا لە فراوانبونەوەدایە

**دوابەدوای بڵاوبونەوەی کتێبی (سێکس،ژن و شەرع لە مێژوی ئیسلامدا)**
**و دوای ئەوەی لە لەلایەن سەرجەم ئـــیسلامی ســیاسیەوە لە کوردستان هێرشێکی بەربڵاوتا ســنوری فتــوای کوشتن کــــــرایە سەر مەریوان هەڵبجەیی نوسەری ئەم کتێبە ، لە زۆرێک لە وڵاتانی دونیاوە کەسانێکی**
**ئازادیـخواز بۆ دیفاع لە ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین وە بۆ پشتیوانی لـــە**
**مەریون هەڵەبجەیی و بە دژی هەڕەشە و هێرشی ئیسلامیەکان دەستیان دایە هە ڵسوڕانی جۆراو جۆر،**
**لە سویسراش کۆمەڵێ کەسی ئازادیخواز**
**کەمپێنێکیان بۆ ئەم مەبەستە ڕاگەیاند،**
**سـەرەتا بە کـۆکردنەوەی کۆمەکی مالــی و دواتربە پەیـوەنـدی کـردن بە ڕیکخراوە ئینسان دۆستەکان و ئیمزاکۆکردنەوە دەستیان دایە هەڵسوڕان،**
**ئەم کەمپینە سەرەڕای ئەو کارانەی تا ئێستا کردویەتی چەن کۆبونەوەشی**
**گرتوە و نەخشەی کاری داڕشتوە، لە کۆبونەوە ی3 /2006/2/ کۆمەڵێ ئازدیخوازیتر دوای ماوەیەک لە هەڵسوڕانــیان لەگەڵ ئەم کەمپینەدا ، بە**
**ڕەسمی ئەندامبونی خۆیان لەم کەمپینەدا ڕاگەیاند،ئەوانیش بریتین لە:**

**1ـ سالار ڕەشید**
**2ـپەیمان کەریم**
**3ـفەرەیدون حەمەڕەشید**
**4ـ هۆشیارقادر**
**5ـتەحسین کەریم**
**6ـ محێدین جوامێر**
**7_ ئامانج بایز**

**کەمپین سەرەڕای ئەوەی پێشوازی گەرم لەم هاوڕییانە دەکا ،پێشمان وایە ئەمە تەنها ڕیگەیەکە بۆ یەکخستنی توانا و کاری گەورەتر و کاریگەری زۆرتر، لە کۆمەڵگایەکی وەک کوردستان کە شیرازەی ڕامیاری ،کۆمەڵایەتی،ئابوری و ...هتد هەڵوەشاوەتەوە ،کۆمەڵگایەک کە ئیسلامی سیاسی تیایدا بەشێکە لە دەسەڵات و داڕێژەری یاساکانێتی پێویــستی بە هێزێکی کۆمەڵایەتی فراوان هەیــە بۆ پاراســتنی ئـــازادی ، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ئێمە بانگەوازی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە دەیانەوێ گیان و دەنگی هەموو مەریوانە کان بپارێزن وەرن ئەم بەرەیە بە هێز تر بکەین .**

**بژی ئازادی بیروڕاو ڕادەربڕین**

**کەمپینی هاوپشتی لە گەڵ مەریوان هەڵەبجەیی لە سویسرا**
k.hawpshti@gmx.ch
200/5/5